ئازادی بیرکردنەوە

ماتھیۆ لیپمەن، داھێنەری بیرۆکەی فەلسەفە بۆ منداڵان دەڵێت:

" ناتوانین ھیچ کەسێک ناچار بکەین، کە بیربکاتەوە (بیرکردنەوەی سەربەخۆیانە)، بەڵام دەتوانین کەشێکی وایان بۆ دابین بکەین، کە بتوانن بە ئازادی بیربکەنەوە."

لیپمەن بڕوای وایە لە ڕێگەی فێرکارییەکی مۆدرێن و زانستییانەوە، دەتوانین خوێندکار ئارەزوومەند بکەین، کە زانیاریان زۆرتر، ئاگامەندییان فرەوانتر و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکەیان بەھێزتر بکەن.

لەڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆوە زانیاری زۆرتر و ئاگامەندی چالاکتر دەبێت. وانەی فەلسەفە و گفتوگۆی فەلسەفییانە لە پۆلدا، کۆمەکێکی زۆر بە منداڵان دەکات، تا ژیرتر و مرۆڤدۆستربن.

